بـــەشی یەکەم :مـیتـۆدی تـوێژیـنەوە

کێشەی تـوێژینەوە

زۆری تـەنگ و چـەڵەمەکانی نـاو مـوزیکی کـوردی بۆتـە بەربەسـتێك کـە هـەردەم ڕێگرێکـی پتـەوە لەبەردەم پێشکەوتن و فراوان بوونی ئاستی گەشەکردنی،بۆیە هەرچەند ورد بینەوە دەبینین کـە سـاڵانێکی دوور و درێـژە ئاسـتی هونـەری لـە کوردسـتان هـەروەکو خـۆی ماوەتەوە،هەرچـەندە بـەهۆی هەنـدێك کەسـی خۆڕسکی هونەری بەهرەدارە وە کەم تـا زۆر هونەر لـەم ناوچـەیە دا گەشـەی سـەندووە، بـەڵام دوور بـووە لـە ئاستی زانستی بۆیە فراوانیش بووبێت ئاستێکی کەم بووە.

نەبوونی سیستمێکی زانستی بۆ گەشەدان بە پارچە ئاوازێـك و بەکارنـەهێنانی پەیـژەی جیـاواز لـە ئاوازێکدا و مانەوەی پارچە ئاوازێك لەسەر یـەك پەیـژەی موزیکی.بۆیـە ئـاواز و موزیکـەکانمان تـەنیا لـە شێوەی فۆرمی ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆریدا ماونەتەوە. دیسـانەوە بۆیـە وەکـو میللـەتـانی ڕۆژئـاوا بـە گشـتی و ئـەوروپا بەتـاییـەتی نەبووینەتـە خـاوەنی فـۆرمی نـوێی وەکـو سـیمفۆنی وکۆنشـێرتۆ و ....هتـد چەندینفۆرمی نوێی جوان.

گرنگی تـوێـژینــەوە

١-ئەم تـوێژینەوە بە یەکەم تـوێژینەوەی ئەکـادیمی هەژمار دەکرێت ،کە بـاس لە (گەشەی هونەری گۆرانی و موزیك و پێش کەوتنەکانی لە بـاشوری کوردستـان (کەرکوك) وەك نمونە دەکات بەشێوەیەکی زانستی .

٢- وەك سەرچـاوەیەك دەتـوانرێت کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت .

٣-گرنگە بۆ بەرچاو ڕوونی ئەم تـوێژەرانەی کە لەم بوارەدا بەدواداچوونی زیـاتر دەکەن .

٤- ئـاشنـا بوونی چینی گە نجـان و نەوەی نوێ بە هونەری ڕەسەنی کوردی .

٥- ئـاشنـابوون بەم کـاریگەریە هونەریـانەی نـاوچەیەك بەسەر نـاوچەیەکی تردا کە زۆر جـار ئەم حـاڵەتە وەهمیە و زۆر هەستی پێ نـاکرێت بەڵام لە ڕاستی دا ئەمە بـابەتێکی گرنگە و پێویستە گفتگۆی لە بـارەوە بکرێت .

٦-گرنگی ئەم تـوێژینەوەیەش لەوەدا خۆی بەرجەستە ئەکات کەلەگەل ئـاشنـا بوون بەبەشێکی تر لەژیـان و بەرهەمە هونەریەکـانی هونەرمەندان (علی مەردان ،).

٧-میکـانیزمێکیش بۆ شیکردنەوەی لایەنە شـاراوەکـانی پشت بەرهەم و داهینـانەهونەریەکـانیـان و ئەو نـاوبـانگەی کە هونەرمەندان لەڕێگەی هونەرەکەیـانەوە بۆیـان بەرهەم هـاتوە.

٨-لەگەڵ ئەوەی گرنگە بۆ ئێمەی هونەرمەند و کەسی ئەکـادیمی بەشیوەیەکی ئەکـادیمی و زانستیـانە لیکۆڵینەوە لەسەر موزیك و گۆرانی نـاوچە جیا جیـاکـانی کوردستـان بکەین.

ئاستەنگ و گرفتەکانی توێژینەوە

١-کەمی سەرچاوە لە بارەی (گەشەی هونەری گۆرانی و موزیك و پێش کەوتنەکانی لە باشوری کوردستان (کەرکوك) وەك نمونە .

٢-نەبوونی کاتی پێویست بۆ زیاتر قوڵبونەوە لە شیکردنەوەی ئاواز و گۆرانیەکانی (گەشەی هونەری گۆرانی و موزیك و پێش کەوتنەکانی لە باشوری کوردستان (کەرکوك) وەك نمونە.

٣- خرا پی باری دارایی .

٤- دووری شوێنی نمونەی توێژینەوە لە شوێنی دانیشتنی توێژەر.

٥- کەمی توێژینەوە لەسەر هونەر و هونەرمەندان وە بێ خەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە هونەرییەکانبەرامبەر بەو هونەرمەندانە کە بناغەی مەقام و موزیکی کوردییان داناوە.

ئـــامانجی تـوێژینـــەوە

هەر تویژێنەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی کەئەنجام دەدرێت ئامانجێکی دیاری کراوی لە پشتەوەیە ، ئیتر ئەو ئامانجە زانستی ، یان هونەری ، پەروەردەیی ، نەتەوەیی ...هتد ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیە هەم زانستی و هەمیش هونەری و پەروەردەیی و لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی نەتەوەیی یە ، چونکە هونەرمەنانی شاری کەرکەك بەگشتی جگە لەئەرکە هونەریەکانیان لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە خزمەتێکی گەورەیان بەپرسە نەتەوەییەکان کردووە و هونەریان کردۆتە شوناسی گشتی نەتەوەیی کوردوە ئامانجمان لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە زیندووکردنەوەی ناو و کار و بەرهەمەکانی هونەرمەند (علی مەردان ، حسێن علی. وە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر هونەر و هونەرمەندانی ناوچەکانی تری کوردستان ، وە خستنە ڕووی لایەنی باش و خراپی ئەم ڕەنگدانەوانە و ڕاڤەکردنی و چۆنیەتی کاریگەریەکانی.

شێوازی تۆژینەوە

لەم تۆژینەوەیەداشێوازی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاریمانگەڵانی مەیدانیمان هەڵبژاردووە .

سـنووری تـوێژینەوە

١- سنوری جوگرافی (کەرکوك)

٢- سنوری کاتی لە نێوان سالآنی (١٩٧٠-١٩٨٠)

٣- سنوری مرۆیی (علی مەردان ، حسین علی)

نـمونەی تـوێژینەوە

تـوێژەر هەڵساوە بە بەراورد کردنی (٥) گۆرانی هەریەك لە هونەرمەندان (علی مەردان)

و(حسێن علی)کەئەمانەن :

بەرهەمەکانی هونەرمەند (علی مەردان)

١- خۆم و عودەکەم

٢- فاتمە دوو چاوی مەستت

٣- کراس کودەری ئاوریشم

٤- ڕەنجی بێوارم

٥- کەی دێتەوە

چەند نموونەیەك لە بەرهەمەکانی هونەرمەند (حسێن علی):

١.نەمام نەمامە

٢.ئامۆزا

٣.تەنکە

٤.نازدار و نازەنینە

٥.تەنکە

شیکردنەوەی چەمکەکان

هونەر :

هونەر دنیایەکی بێناسنامەیە ، جیهانێکی بێسنوورە . حەز و لەزەت و ئاواز و مۆسیقای خۆی هەیە، جوانی و ڕازاوەیی تێدایە ، هەست وروژێنە ، وئاسۆی هزر فراوان دەکات .

هونەر مەیدانێکە بۆ خۆشگوزەرانی و هەمەچەشن کردن و بەخشینی شیلەی میهرەبانی لەم گەردوونە جە نجاڵەدا بە مروۆ ،هاتۆتەکایەوە . هونەر ڕەهەندی جۆراو و جۆری دیکەشی وەك کۆ مەلاێەتی و سیاسی کولتووری نەتەوەیی وشارستانیانەی هەیە . لەبەرئەوەی دامودەزگایەکی ڕێکوپێك لە ولاتێکی کۆلۆنیالیکراوی وەك کوردستان دا نییە ، وە هیچ سەرچاوە و ئەرشیفێکی دەولەمەند و کۆکراوە لەبەردەست دا نییە ، وا زەحمەتە بە وردی بتوانیین دەستنیشانی هەندێ شت بکەین . کوردیش وەك هەر نەتەوەیەك سەربارینەوەهەموو مەینەتی و نەبوونی ژیانێکی ئاسوودەیی،وا دیسان جێی سەرسوڕمانە،کەخاوەنی هونەری خۆیەتی ومێژوویشی ڕەگوڕیشەیەکی بەهێزی هەیە.باوەڕم وایە هۆکارە سیاسیەکان کە ڕەفتار و هەڵوێستی دوژمنایەتی کورد،کاریگەرییان تێدا هەبووە ڕێگر بووە و تاوانبارە.

گۆرانی :

سەرهەڵدانی ووشەی گۆرانی لەسەدرەتادا لە مەڵبەندی ئاینی گۆران هەر سروودێك یاخود ئاوازێك لە چوارچێوەی شیعر دا بوایە و لە سەرەتای بلاوبونەوەی ئاینی ئیسلام دا ستایشی ئاینی ئیسلامی نەکردبوایە وتنی ڕەوا نەبوو یاخود ڕێگەی لێدەگیرا بە تاییەتیش لەم مەڵبەندانە ئامێری موزیك تەنبووریان لەگەڵ سۆزی ئاینی دا بەکارهێناوەکە موزیکیش لە ئاینی ئیسلام دا حەرام کرابوو جا بۆیە بەم کارەی گۆرانیەکانیان وتووە (گەبرانی، گەورانی ئینجا گۆرانی) وە ئەم زاراوانەش دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەیەکجاری بوو بە گۆرانی.

گۆرانی/ بریتییە لە پەیوەندیەکی ڕەسەنی نێوان تێکست ومیلۆدی و دەربڕین بەشێوازێکی موزیسیانە و پەیوەندیەکی پتەو بەچۆنیەتی دەربڕین و تەکنیك و فۆرم ، نەك بەتەنیا ڕیزکردنی هەندێك ووشە لەدوای یەکتری .

موزیك:

بریتیه له دەنگ و ڕیتم و کۆنتێکست واته موزیك بەستراوەتەوە بە :- ١-دەنگ ئاواز و ڕیتمەکان و موزیکەکە. کۆنتێکست واتە ئەو شوێنەی کە موزیکەکەی تیادا لەدایك دەبێت.

باشوری کوردستان

ناوێکی نافەرمییە بۆ بەشێکی ولاتی عێراق کەدانیشتوانی کوردن و سنووری لە گەڵ ئێران و تورکیا و سوریا هەیە و لەباشوری چوارپارچەی کوردستاندا هەڵکەوتووە .باشووری کوردستان تەنیا پارچەی کوردستانە کەخاوەنی حکومەتێکی سەربەخۆیە.ئەم بەشەی کوردستان چەند شارێکی گەورەی وەکو هەولێر وسلێمانیودهۆك وهەڵە بجە و کەرکوك لە خۆ دەگرێت .هەولێر وەکو پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناسراوە کە لەم بەشانەی کوردستان دامەزراوە.بریتیە لە هەریەك لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك وهەڵە بجەو ناوچە دابڕێنراوەکان).

بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری تـوێژینەوە

بـاسی یەکەم/ کورتەیەکی مێژوویی و جوگرافی شاری کرکوك

یەکەم/ جوگرافیای شاری کەرکوك:

کەرکوك[1] یەکێکە لە شارە گەورەکانی باشووری کوردستان ولە ڕووی فراوانی ڕووبەرەکەیەوە ،بەچوارەم شاری عێراقی دادەنرێت. شاری کەرکوك دەکەوێتە ناوچەی زورگی باکوری زنجیرە چیاکانی حەمرین کەخاکی عەرەب لەکوردستان جیادەکاتەوە و (٢٩٠) کیلۆمەتریش لە باکووری بەغدای پایتەختی عیراقەوەیە. لە قۆناغی نێوان هەردووچاخی ناوەند وکۆندا ئەو تـوێژینەوانەی لەسەر دەوروبەری شوێنەواری ئەم ناوچەیەکراوە ،وەك گوندی کەریم شەهرلەچاخی نوێش گوندی چەرمۆ.

دەسەلاتدارەحکومەتییە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی ئێستا ،بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە کە سنووری جوگرافیا وباری دیمۆگرافی کەرکوك بشێوێنن وبگۆڕن، ئەمەش بە پیادەکردنی هەندێ شێوازی جیاجیای وەك (ڕاگواستنی کورد لە کەرکوك و دەوروبەری و نیشتەجێکردنی نەتەوە ناکوردەکان، لەجێگەی ئەواندا) ئیدی داگیرکەرانی کەرکوك بەم کارەیان سنووڕەکەیان شێواندووە.

لەلایەکی تڕەوە لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە ڕێگا بەبلاوکردنەوەی ئەو کتێب و لێکۆڵینەوە زانستیانەی دەربارەی ((جوگرافیای کەرکوك و مێژووی کەرکوك ...هتد)) نووسرابوون، کەچی بە پێچەوانەی ئەو کارەیانەوە هەموو دەرفەتێکیان بۆ نووسین و بلاوکردنەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانی شۆفێنیزمی دەمارگیری نەتەوەی سەردەست ڕەخساندووە، کە دوورن لە زانست و بنەما ئەکادیمیەکان و دژ بەجوگرافیا و مێژووی کەرکوکن، لەونووسین و بۆچوونانەشداهەتا بۆیان کرابێت، هەوڵیانداوە سنووری کەرکوك بچووك بکەنەوە. هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لەسالانی (١٩١٩ _ ١٩٢٠) دا کراون بەڕەزامەندی ئەفسەرانی ئینگلیزی ناوچەکە بووە .

---

[1] . پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ،سیاسی شاری کەرکوك ، چاپخانەی مناڕە، ١٩٩٠، لا ٢١.

ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا دەربارەی سنووری جوگرافیای کەرکوك هەن، لێرەدا بۆچوونەکانی بەشێك لە نووسەرە کوردەکان خراوەتەڕوو:

بۆچوونی نووسەرە کوردەکان*:-

کاتێك سەیری بۆچوونی نووسەرە کوردەکان دەکرێت، دەبینین ڕاکانیان لەسەر دیاری کردنی سنووری کەرکوك یەکنییە، دیارە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسنووری (کەرکوك) لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەلایەن داگیرکەرانی کەرکوکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەو نووسەر و نووسراوە کوردیانەش کە ئاماژەیان بە سنووری کەرکوك داوە ئەمانەن:

گۆڤاری (هیوا) [٢] لەبارەی سنووری کەرکوکەوە دەڵێت ((لەنێوان سالآنی ٤٥٠٠_٤٠٠٠ پ.ز)) دا ، سنووری شاری کەرکوك زۆر فراوان بووە، کەلای ژوورووی زێی بچووك، لای خواروووی نەهرەوان، لای ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە نزیك تکریت و سامەرا بووە)).هەرچی (د.جەمال ڕەشید)ە نووسیویەتی: ((کەرکوك کە بە (ئارابخا) یان (عەرەفە) ناسرابوو،لە کۆندا چیای حەمرین سنووری بووە،لە ڕۆژئاواوە ڕووباری سیروان(دیالی) جیاکردۆتەوە، لەخواروووی ولآتی (حەلوان) و (نوار)،لەسەرووش گەیشتۆتە ڕووباری زێی بچووك ،کە لەوێ ولآتی (حەدیاب) و (ئەربیلا) لەسەر هەردوو زێیە کۆبووبوونەوە ،لە ڕۆژهەلآتەوە گەیشتۆتە چیا سەرکەشەکانی نزیك سنووری زاموا)).

لە سەردەمی شەڕی چالدێران سالی(١٥١٤) دا سنووری شاری کەرکوك بەم جۆرە بووە:((باکوور وخۆرئاوای زێی گەورە ،خۆرئاوا و باشووری ڕیزە چیاکانی حەمرین ،باشوور و خورهەلآتی سیروان ،خۆرهەلآت و باکووری سنووری بابان (سلێمانی) بووە)) لەکتێبی (کرکوك – بحو الموتمر العلمی حول کرکوك) [٣] دا سنووری کەرکوك بەم شێوەیە دەستنیشان کراوە:((ناوچەی کەرکوك بریتی یە لە خاکێکی پان و بەرین و دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەلآتی عێراقەوە ، لە نێوان لیواکانی (هەولێر و سلێمانی و بەغداد و دیالە و موسڵ) دایە ،لە باکوورەوە لەگەڵ لیوای هەولێر و بەشێك لە سلێمانی دا هاوسنوورە ،لە خۆرهەلآتەوە لەگەڵ لیوای سلێمانی و بەشێك لە دیالە هاوسنوورە، لە باشووریشەوە دیالە و خۆرئاوای بەغدا و بەشێك لە موسڵە)).

---

[٢] . میژووی شاری کەرکوك" گۆڤاری هیوا" ژ(٤) تشرینی یەکەم ١٩٥٧ .

[٣] . پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان : سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦.

دووەم/ کورتەیەکی مێژوویی شاری کەرکوك :

شەرەفەدین عەلی یەزدی لە کاتی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی سالأنی ٨٠٦ و ١٤٠٣ ناوی کەرکوکی هێناوە، لەم بارەیەوە د.مستەفا جەواد دەڵێت ناوی (کەرکوك) لە (کەرخینی) یەوە بووە بە (کەرکی) و ، پاشان ڕێچکەی زمانی فارسی هەڵگرتووە و بووە بە (کریك) و دواجاریش بووە بە (کەرکوك) ، مامۆستا تۆفیق وەهبیش بەم شێوەیە بۆی چووە ، ناوی (کەرکوك) لە (کەر) هوە بە واتای قەڵا هاتووە ، وەرگیراوە پاشان پاشگری (u) ی هیند و _ ئیرانی پێوە لکاوە ، کە بۆ بچووك کردنەوە و خۆشەویستی بەکاردێت .لەسەر ئەم بناغەیە ناوی (کەرکوك)ی بەبەردا بڕاوە ،بە کورتی ناوی (کەرکوك) لای سۆمەریەکان (کنکهار) بووە ،لای بابلییەکان و ئاشوورییەکان (ئارا بخا و کرك) بووە . لە ئارامیش (کرخ و سلوخ) ە و بە تلیمۆسیش (گرخورا و کورکورا)ی پێ وتووە ، هەموو ئەم ناوانەش هێمای ناوی ئێستای (کەرکوك) دەسەلمێنن.[٤]

شاری کەرکوکبەهۆی بوونی مێژووە دوور و درێژەکەیەوە، لەسەرچاوەکانی مێژووی کۆن و نوێ دا بە چەندین شێوە ناوی براوە ،بەجۆرێك لە هەر سەردەمێکدا ناوێکی نوێی لێنراوە، [٥] ئەم ناوە زۆرانەی کەرکوکیش بۆ گرنگی ئەو شارە دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر هێزی داگیرکەرەوە پەلامار دراوە و هەر یەکێك لەو هێزانەش ناوێکی بەسەردا سەپاندووە، کۆنترین زانیاری دەربارەی ناوی کەرکوك ئەوەیە کە لە سەردەمی (سەرجۆنی ئەکەدی) (٢٥٣٠_٢٤٧٣پ.ز) شاری کەرکوك بە ولأتی (ئەربخ) یان (ئارا بخا) هاتووە، لەتۆمارەکانی (تحوتمسی یەکەمی) فیرعەونی میسریشدا (١٥٢٨_١٥١٠پ.ز) بە هەمان شێوە دەرکەوتووە ،کاتێك کە دەسەلأتی گەیشتۆتە سوریا. ئەم ناوەش تاکو سەردەمی میدیەکان و دواتریش هەر مابوو.[٦]

شاری کەرکوك کەخاوەن قەلأتێکی کۆنە و لەسەر پاشماوەی دێرینەیەکی کۆنتر دروستکراوە. دوای ئەوەی پاشا هەوەڵینەکانی سۆمەر ئەکەد هێرشیان کردە سەر ولأتی سوبارتۆ لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین ، کۆنترین تۆماری خەتە بزماریەکان ئاماژە بەوە دەکات کە پارچەی کرخی (کرخا/قەلأ) دەکەوتە ئەرا بخا وە لە هەرێمی کوتبەریوم.

---

[٤] . گۆڤاری هاواری کەرکوك .ژمارە (٢) ، کانوونی یەکەم ١٩٩٨ .

[٥] . کامەران کوێخا جەلال: مێژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا ، چاپخانەی هیڤی ، ١٩٨٣، لا ٤١.

[٦] . د. جەمال ڕەشید ئەحمەد : کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەم ، ١٩٩٣،لا ١١.

لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ کوتییەکان قەلای کەرکوکیان بنیات نابێ ، قەلای کەرکوك لەسەر گردێکی خڕی چوارگۆشەیی بنیات نرا کە (١٢٠) پێ لە دەشتەکانی دەوروبەری بەرزتر بوو و دەیڕوانییە ڕووبارێکی بچووکی کەم ئاو لە وەرزە بارانباویەکاندا لافاوی هەڵدەستا و ناوی – خاصەچای – بوو.لەوەش دەچێ ئەم قەلایە لە چەرخە کۆنەکاندا شورای هەبووبێت ،هەروەها چوار دەرگاشی هەبوو. کە عوسمانییەکان ئەم ناوانەیان لێنابوون: دەرگای سەرەکی قاڵدرمەدار- دەرگای توب – دەرگای حەوت کچەکان – دەرگای حەلواچییەکان ، بە گوێرەی ئەو نەریتەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا باو بوو بازارەکان هەر یەکێکیان تاییەت بوو بە شتێك و جۆرێك و چوار دەوری قەلایان دابوو،بەڵام فەرمانگە و سەرای حکوومەت دەکەوتنە ناو قشڵەکە لەبەری ڕۆژئاوای ڕووبارەکە بنیات نرابوو ، ئەم قەلایە هەندێ جێنزرگە – مزارات – و مزگەوت کەرکوك قەڵا بەرزە مەزنەکەیەتی کە هەتا ئێستا گوزارشت لە پێشکەوتن و بەرهەمی ژیاری دانیشتوانە سەرەتاییەکانی ناوچەی کەرکوك دەکات .

مرۆڤ دوا بە دوای ڕۆژگاری شۆڕشی کشتوکاڵی لە باکووری بەرزاییەکانیەوە ،چووە قۆناغی ژیانی نیشتەجێبوون و سەقامگیری ، ئەم ماوەیەش دەکەوێتە نێوان هەزارەی دەیەم و پێنجەمی پێش زایین کەخەڵکی بە درێژایی ئەم ماوەیە پشتیان بە باران دەبەست بۆ بەرهەم هێنانی پێویستییەکانی ژیان ، ئەمەش دوای ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر هۆیەکانی ژیاندا هات ، لە ڕاوشکارەوە بۆ کشتوکاڵ .[٧]

هەر لە ناوەڕاستی هەزارەی پێنجەمەوە ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم مرۆڤە لە بەرزاییەکانەوە بەرەو دەشتاییەکان هاتووە جێگۆڕکێی کردووە ، لە دەشتەکانی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتو لقەکانی وەك زاب و فیشخابوور لەوێ نیشتەجێ بوون و پەرەیان بە کشتوکاڵ داوە ،وە ئەوە ڕوون بۆتەوە خەڵکانێك پێش سەردەمی نووسین لەم شوێنانە نیشتەجێ بوون هەر ئەوانیش ڕێیان خۆش کردووە بۆ دروست کردنی شار و بنیاتنانی ژیانی ناوخۆیان ، و تەکیە و پاشماوەی چەند بینایەك و شوێنەوارێك گەڕانەوە بۆ سەرەتای چەرخی میژوویی (هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایینی) ی تێدابوو. وە دیارترین ڕواڵەتەکانی شاری کەرکوك ، هەروەها ئەو پارانەی لە ناودار و پەردووی مالاندا دەدۆزرانەوە بە زۆری هێمای ئەخمینی و هیللینی – سلوقی – فەرسی – و ساسانی پێوەبوو. کە سەردەمەکەی دەگەڕایەوە بۆ چەرخی سلوقی .

بەناوبانگترین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیش لە قەلاکەدا دەکەوتە بەشی ڕۆژئاوا کە بە گەڕەکی ((حەمام)) ناسرابوو و بۆ چەند سەدە موسڵمانەکان لەگەڵ برا سسمەسیحیەکانیاندا پێکەوە لەوێ دەژیان ،

---

[٧] . کامەران کوێخا جەلال : میژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣١.

هەروەها مەڵبەندی مەترانیەتی – باجرامی و مزگەوتی دانیاڵ پێغەمبەر دەکەوتنە هەمان گەڕەك . لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئابووریەی لە شارەکە پەیڕەو کرا دوای ئەوەی خرایە پاڵ شانشینی عیراق پیشەسازی نەوتی لە نزیك ناوچەکانی لە شارگەکەی کرد ئیتر ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی قەڵا هاتنە دەرەوە ، هەرچەندە دانیشتوانی کەرکوك لە سەرەتا توشی هەندێ گیر و گرفت بوون لە سەرەتای دروست بوونی شانشینی عیراق کە بە جەنگی ئەرمەن ناوبرا بەڵام دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمووز ژیان ئاڵۆز بوو دەسەڵات کەلێنی گەورەی تێکەوت کە لە بەرژەوەندی بەریتانیا کۆمەڵێك هۆز و زمان و ئایینی تێکەڵ کردبوو بەیەکەوە گرێدرابوون لەچوارچێوەی بنەماڵەی ناعیراقی بەڕێوەدەبرد بۆیە عەرەبەکان هەوڵیاندا ئەو گرفتە چارەسەر بکەن هەموو بیروڕا جیاوازەکان خۆیان کۆکردەوە و کوردیش ڕێگەی بەرگری لەخۆی و بوونی نەتەوەی خۆی گرتەبەر بەم جۆرە ململانێ کەوتە نێوان هەمووانەوە . [٨]

ئەنجامەکانی ئەم کەلێنە لە کەرکوك بەشێوەیەکی تاییەتی ڕەنگی دایەوە دوای ئەوەی – عبدالکریم قاسم – بایدایەوە بەرەو لای هێزە ڕاست ڕەو و توند ڕەوە عەرەبییەکان پاش ئەوەی ئەوان هەوڵیاندا بیکوژن . ئەوە بوو ژمارەییێکی لەوان لە دامودەزگاکانی جێبەجێکردندا لەم شارەدا دامەزراند و کوردەکانیشی گواستنەوە دەرەوەی شارەکە، بەمەش دەیویست لە هێزی چەپی تونڕەو کەم بکاتەوە ، چونکە ئەم هێزە توانییبووی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری نەتەوە تایەفە غەیرە عەرەبییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە . نەتەوەییە عەرەبەکان و بەعسیەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی جێ پێی خۆیان قایم بکەن لە دامودەزگاکانی کەرکوك دا و دەسەلاتی خۆیان دژی کۆمەڵگەی ڕەسەنی کەرکوك لە غەیرە عەرەبەکان توند بکەن دوابەوای ئەوە بارەکە ئاڵۆزتر بوو بەتاییەتی کەپرۆسەی تەعریب و تەبعیس لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت دا دەستی پێکرد . هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی لە دامودەزگاکانی جێبەجێکردندا – الادارات التنفیزیە – کاریان دەکرد.

هەروەها هەموو کرێکار و شارەزایان لە کۆمپانیای نەوت دەرکران کە ئەمانیش هەر هەموویان کورد بوون . کاتێ کە بەعسیەکان بازنەی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانی عەرەبی خۆیان فراوانتر کرد دەستیان کرد بە دەرکردنی کورد لە ماڵ و حاڵی خۆیان و دەستیان گرت بەسەر هەموو گوند و شارۆچکە کوردیەکاندا و دوای ئەوەی لە ڕووی ئیداریەوە لە کەرکوکیان کردەوە هەرهەمووان ((تملیك)) کرد لە دواییشدا کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتی جینۆساید دەرهەق بە کورد . بەم جۆرە و لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەوە کێشەیەکی

[٨] . گۆڤاری هاواری کەرکوك ژمارە (٢) کانوونی یەکەم ١٩٩٨.

ئاڵۆز هاتەکایەوە کە بریتی بوو لە هەڕەشەکردن لە مافی مرۆیانەی گەلێك بە تەواوی ، ئەو گەلەی بە کۆمەڵ بڕیاری بەجێهێشتنی ولاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩٩١ و تا ئێستاش لاوەکانی هەر ڕێی کۆچیان گرتووەتە بەر.

باسی دووەم/ ئاستی هونەری و بزاڤە هونەریەکان لە دەڤەری کەرکوك:

هەردوو دیالێکتی سۆرانی و گۆرانی قسەیان پێدەکرێت، فۆلکلۆری ئەم دوو دیالێکتە لە هۆش و بیری دانیشتوانی ئەم دەڤەرە دەژیت کە بەشێکە لە فۆلکلۆری دەڤەرەکانی دەوروبەر و کاریگەری زۆریان بەسەر یەکترەوە هەیە.[٩]

بەلاّم لەبەر سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لەم دەڤەرەدا وەك دەبینین نەیتوانیوە وەك دەڤەرەکانی دەوروبەر گەشە بکات و پەرەبسێنێت ،لە هەر گوند و شارۆچکەیەکی ئەم دەڤەرەدا دەنگبێژێکی ناوداری لێهەڵکەوتووە و گەلەك زانیاری لەسەر فۆلکلۆر دا هەبوونە. ئەگەر بێین گۆرانیەکانی دەڤەری کەرکوك بە پێی ناوچەکانی شی بکەینەوە دەردەکەوێ کە لەباکوور و باشووری دا گۆرانیەکان جیاوازن بۆ بەڵگە،لە باکووری دەڤەرەکە وەك پردێ و دووبز زیاتر دوو مۆرکی حەیران و لاوك باون ،" سۆرانی، بادینانی، هەکاری، بۆتانی"، بەلاّم ناوەڕاست و باشووری دەڤەرەکە کە بە گەرمیان بەناوبانگە، زیاتر چەند لق و پۆپێکی مەقامەکان باون،"ئەردەلاّنی"، وەك ئەلاّوەیسی، قەتار، بەرزە قەتار (خاوکەر) و خورشیدی. وە لەم دەڤەرە دامەقام، گۆرانی بێ ڕەزم (بێڕەوت) و گۆرانی گەلێك کە بە ڕیتمەکانی ٨/٥،/١٠/١٠,١٦,٨ فرە بەربلاّوە.

موزیکژەنانی ئەم دەڤەرە لە دیوەخانان دا ئامێری باڵەبان و بلوێر و تە پڵ و دەفی گەورە و بچووکیان بەکاردەهێنا، لەشاییدا دەهۆڵ و زورنایان بەکاردەهێنا، هەروەها لە مێرگەکانیش دووزەلە و تەکزەلەیان بەکاردەهێنا و ..هتد. ئەو ئامێرانە لە کەرەستەی خودی دەڤەرەکە دروستدەکران، هەروەها ئامێری تەنبووریش لە شاری کەرکوك پەیدابوو،کە لە زاخۆ و موسڵ دروستدەکرا.

---

[٩] . بەشیر سەبری بۆتانی: هونەرە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری کەرکوك ستران ،گۆڤەند ، موزیك ، چاپخانەی مریوان، ١٩٧٥، لا ٥٣.

یەکەم/ دەڤەری کەرکوك لەڕووی نەتەوە و کلتورە جیاواز و لەیەکچوونەکانیان لەڕووی هونەری موزیك و گۆرانی:

لە دەڤەری کەرکوکدا (کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوور (ئاسوور)یشیان پێدەگوت) هەبوون ،لەبەر ئەوەی کەرکوك فرە نەتەوەیە کلتورە نەتەوەییەکەشی شێوازی خۆی هەیە وە شێوازی تێکەڵیشیان هەیە .جیاوازی هونەری تورکمانی لەگەڵ کوردی بێ لە زمانەکە قۆریاتیان هەیە زیاتر لە ٢٠ جۆر قۆریاتیان هەیە، وەکو فۆرمێکی مەقامبێژی و مەقامخوانی ئەمانە هەریەك لە پەیژە یەکن (٥-٦)یێك هەبێت لەسەر بەیات بێت، بەلأم جیاوازیشن لەگەڵ یەکتر وەکوپەیژە لەسەر (٨)مەقامە سەرەکیەکانن (بەیات و حیجاز و صەبا و سێگا و کورد و نەهاوەند و حیجازکار و ڕاست) زۆربەی مەقامە سەرەکیەکان قۆریاتن ، کەواتە دەتوانین بڵێین هەریەکە چەند کۆڵەکەیەکبوون .

بەلأم نەتەوەی عەرەبی بەڕای زۆر لە کەسایەتی و تۆێژەر عەرەب وەکو هونەر لە کەرکوك ووجودی نیە وەکو هونەری موزیك نەیانتوانیوە شوێن پە نجە جێبێڵن لەبەرئەوەی خاوەنی شارەکە نین و ئەصڵەن ئەوەی هاتووە پەیوەست نی یە بە ڕەچەڵەکی کوردستان، لە هەموو کەرکوك (٦-٧) گۆرانیبێژی عەرەب هەن (١-٢) انێکیان ناودارن کەلتورەکەیان هی ئەودیو کوردستانە.[١٠]

دووەم / دەڤەری کەرکوك لەڕووی ئاییننەکانەوە وە تێکەڵکردنی لەگەڵ موزیك:

شاری کەرکوك لەبەرئەوەی فرە نەتەوەیە لەڕووی دینیەوە جیاوازی هەیە،کەرکوك وەکو هەموو شارەکانی تر (تەکیە و خانەقا) هەبووە بەلأم تەکیە لە کەرکوك زیاتر ئەکتیڤتر بوو بەتاییەتی تەکیەی تاڵەبانی لەسەر ڕێیازی قادری کاریان کردووە ، تەکیەی تاڵەبانی وەکو لایەنی موزیکی ئاییینی تەسەوف کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر شاری کەرکوك ،چونکە تەمەنی تەکیەکە لە (١٨٠٠)وە تاکو ئێستا بەردەوامە کۆمەڵێك کەسایەتی دینی یەکێك لەوانە (حاجی ڕەزوان قەساب) هاوشانی مەلا عوسمانی موصڵی بوو لەساڵی ١٩٣٥ کۆچی دوایی کردوو، کۆمەڵێك کەسایەتی تری دینی (صۆفی یان دەرویش) لە کەرکوك شوێن دەستیان دیارە بۆ زیکرکردن.

هەروەها لەدوای زیکریش کۆڕی مەقام بەستن هەبوو کە زیکریان تەواو بووە، ئەوەش هونەری مەقاماتی زۆر پێشخستووە لە بواری دینیەکەدا بەلأم هەر ئەو هونەرمەندانە لە دەرەوەی ئەوەش موزیکی دنیایی کاریگەری

[١٠] . دیمانەم لەگەڵ " مامۆستا چالاك سدیق " لە کتێبێکی چاپ نەکراوی .

زۆریان هەبووە ،وە لە شاری کەرکوك لەڕووی دینییەوە بە دوو شێوە کاری لەسەر دەکرا بەشی مەقامخوانی و بەشی تەنزیلە وەکو فۆرم بە نموونە(مەولایە صەلّی)، لایەنی دینی کەرکوك لە تەکیە گەشەی کردووە دوای ئەوە مەولود وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیش (٥٠ بۆ ١٠٠ ساڵ) ە باوە ئەوەش ئەتەکێت و گرنگی خۆی هەیە کە (تاخم یان گروپێکن) چەند دەفژەنێك کە یەکێك سەرپەرشتی گروپەکە دەکات کە زیاتر پشکی شێری پێدەبڕێت و یاریدەدەری هەیە، لە کەرکوك زۆر کاری لەسەر کراوە .

لەم دواییانەدا لە دەنگخۆشە کوردەکان بەتاییەتی (کوێستانی) یەکێك لە گۆرانیبێژە کۆنەکانی زەمانی ڕادیۆیە مەولودی بەکوردی دەخوێند لایەنی دینیش چەند بابەتێك پێکدێت (تەقسی زیکرەکە و مەولود و میحراج نامە و بۆنە دینیەکانیش) هەریەکەی لەوانەیە ویستی خۆی بوێت جیاوازیەکیان هەبێت و لێکچوونیش هەیە کەرکوکیش وەکو هەموو شوێنەکانی تر موزیکی ئاینی و موزیکی دنیاییشی هەیە، کاکەییەکان وەکو مەزهەب جیاوازی لەگەڵ نەتەوەی کورد دا سرودێکی ئایینی خۆیان هەیە بەلاّم دەربارەی مێژوو و ئێستای خۆشیان هیچ زانیارییەك بە کەس نالێن، لەبەرئەوەی توشی قاتوقڕی هاتوون ئەوەش بووە بە کێشە بۆ لێکۆڵەرەکانی شاری کەرکوك کە نەیانتوانیوە لە بارەی چۆنیەتی ئاوازەکانیان هیچ زانیاریەك کۆبکەنەوە، کاکەییەکان بۆ (٥٠٠ ساڵ) ئاسەواریان جێهێشتووە.

بەلاّم توانراوە مێژووی (٣٠٠ساڵ) بنووسرێتەوە بەلاّم تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە بۆنموونە تەمبوور ژەنی بەناوبانگیان هەبووە بەلاّم هیچ زانیارییەك دەستناکەوێت لەبارەیانەوە یان تەمبووریان هەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ساڵ پێش ئێستا.

هەر لە کەرکوك دا بەلاّم گەرمیانەکەی بەشی دەشتایی کەرکوك و دێهاتەکانی کەرکوك کە درێژە پێدەری هەموو ناوچەی گەرمیانی کفری و کەلار و خانەقین وەکو دەشتی هەولێر یەك جوگرافیای هەیە بەلاّم کەرکوك تا گەرمیان بەگشتی گەرمیانی کەرکوك کلتوری زۆر لەیەکەوە نزیکە زۆرترین فۆرمی ئاوازبێژی کوردی تێدا کۆبۆتەوە نموونەی (ئەلاوەیسی و قەتار و خاوکەر و خورشیدی و ئای ئای) عەلی مەردانیش لەسەر ئەو فۆرمانە و وورده فۆرمی تری دروستکردووە لەوانە (هیجران) کە زۆر تاییەتە کورد بەشی گەرمیانی کەرکوك کۆڵەکەیەکی تری موزیك و گۆرانی کوردی کەرکوکە ئەمانەش هەمووی ئیشی لەسەر کراوە

جیاوازیان هەیە لەسەر فۆرم و پەیژەکان دا بەلاّم ئیتر لەبەرئەوەی مەسەلەی پەیژە و مەقامسازی و دەزگاکان .[11]

ئێمە خاوەن دەوڵەت نەبووین بۆنموونە لەسەردەمی عوسمانیدا ئەم پەیژانەی کە ئێستا کاریان لەسەر دەکەین هەر هەشت پەیژە سەرەکییەکە هەریەکەی (٦-٧) لقی لێدەبێتەوە ئەمانە لەوێوە بۆمان ماوەتەوە هەرچەندە ناوی کوردیشی زۆر تێدایە بۆیە ئێمە ناچارین بە نموونە ئەلاّوەیسی دەبێ بڵێین لەسەر فلاّنە پەیژە پۆلێنی بکەین یان خورشیدی لەسەر حیجازکار شیبکەینەوە بەلاّم لە وتندا تایبەتمەندی خۆیشی هەیە وەکو پەیژە بۆنموونە لەسەر حیجازکار پۆلێن دەکرێت و بەسەر ئەوەشدا دەیچەسپێنین ئەمە بەشێکی تری یان کۆڵەکەیەکی تری موزیکی کەرکوکە .

دووەم/ سەرەتای دروستبوونی بزاڤی هونەری لە شاری کەرکوك لە دەڤەری کەرکوك :

ئەگەر بە هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەوە سەیری واقیعی ڕۆشنبیری کەرکوك بکەین ، دەگەینە ئەو ڕاستیە کە مێژووی ڕۆشنبیری لە کەرکوك دا هیچی کەمتر نەبووە لە ئاستی ڕۆشنبیری شارەکانی دیکەی کوردستان ،ئەویش لە چوارچێوەی ئەو خەباتە دوور و درێژەی ڕۆشنبیری لەم شارەدا بەدەستی هێناوە .[12]

شاری کەرکوك پێگەیەکی گرنگی هەیە لەنێو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردستان بە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسەر و ڕۆشنبیر و شاعیر و چیرۆك نوس و شانۆکار و شێوەکار و گۆرانی و موزیك دا ، [13] لە ڕابردوودا کەرکوك یەکێ بووە لە پێشەنگەکانی شیعری کوردی چ لەسەر ئاستی شیعری ماچۆ و ڕێچکەی بابان و بواری نوێبوونەوەی شیعری نوێی کوردی ،ئەستێرەیەکی وەك (مامەند کەرکوکی) لە بواری نوێخوازی شیعری کوردی دا هیچی کەمتر نەبووە لە گۆران و شێخ سالّح و هەردی و ئەوانی تر . مێژووی شانۆی کوردی لە شاری کەرکوك تاوەکو ئەمڕۆ بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە و نازانرێ یەکەمین شانۆگەری لە چ ڕۆژ و مانگ و سالێکدا پێشکەش کراوە ، ئەو زانیاریانەی کە بلاّوکراونەتەوە ڕێگایەکی ئەوتۆمان نیشان نادەن بۆ ئەوەی بتوانین پتر بە شانۆی ئەم شارەدا قولّ بینەوە . بزوتنەوەی شانۆیی کەرکوك لە نێوان سالّەکانی ١٩٧٠_١٩٧٤ کە بە درەوشاوەترین قۆناغی شانۆیی دادەنرێت لە شاری کەرکوك سەرەتا بە شانۆگەری (دایکی شەهید)

---

[11] . چالاك سدیق: دیمانەی تایبەت ، ٢٠١٨-١٢-٢٥، کرکوك.

[12] . موحسین محەمەد "گۆڤاری هاواری کەرکوك " ژ(١) .ئەیکولی ١٩٩٨.

[13] . سمکۆ بەهرۆز: واقیعی ڕۆشنبیری کەرکوك ، گۆڤاری کەرکوکی ئەمڕۆ ژ(٨٤) ، ١٩٨٠ ، لا ١٦.

شانۆی ئەم شارە هەژا. نووسەری ئەم شانۆگەریە شاعیر (مستەفا پەژار) بوو،کە لە کەرکوك و سلێمانی چەندین جار نمایش کرا وە (تیپی شانۆی مەشخەڵ) بەم شانۆگەریە دروست بوو .

هەرچەند بە ڕەسمی مۆڵەتی وەرنەگرتووە بەڵام ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بوژاندنەوەی شانۆی کوردی لەم شارە .دواتر چەندین شانۆگەری تر دروست بوون بە نموونە (شانۆگەری " ئەمرەکەی بەگم " نووسینی : یوسف العانی ، دەرهێنانی : سەلمان فائق، ساڵی ۱۹۷۰ نمایشکرا). (شانۆگەری " هەرچی کردی حەسیر کردی "نووسین و دەرهێنانی : مهدی ئومێد ساڵی ۱۹۷۰).(ئۆپەرێتی " گڵکۆی تازەی لەیل " دەرهێنانی : مهدی ئومێد ساڵی ۱۹۷۱) . (شانۆگەری " کاوەی ئاسنگەر " نووسین و دەرهینانی : مهدی ئومێد ساڵی ۱۹۷۱). (شانۆگەری " شۆڕشی نەورۆز " نووسینی : فەرەیدون عوسمان ، دەرهێنانی : سەلمان فائق ساڵی ۱۹۷۱) . (شانۆگەری " خێزانێکی شلەژاو " نووسینی : جەلیل زەنگەنە ،دەرهێنانی سەلمان فائق ساڵی ۱۹۷۲) ..... هتر وە کۆمەڵەی هونەر و وێژە لقی کەرکوك لە ساڵی ۱۹۷۲ کراوەتەوە .

عبدالله پشدەری دەڵێت : جەمیل جێماو ئەندامی سەرەکی دەستەی دامەزرێنەری لقی کەرکوك بووە ،ئەندامە سەرەکیەکانیش بریتی بوون لە عبدالله پشدەری ، جیهاد دڵپاك ، عەلی کەریم ، خالد ئیسماعیل ، قاسم عەلی فەرزە ، کەرکوك ساڵی ١٩٧٤ بەشداری میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی کرد لە بەغدا . وە هونەری شێوەکاری یەکێکە لەو بوارە ڕۆشنبیرانەی کە هەر لە سەردەمانێکی زوو خزمەتی ئەم شارەیان کردووە و ڕێچکەی مێژووی شێوەکاری شان بە شانی مێژووی شێوەکاری دەوروبەری خزمەتی باری ڕۆشنبیریان کردووە و بوونەتە سەرقافڵەی گۆڕانەکان .

ئەیوب شەریف گۆگجەیی ئەو شێوەکارە بەتوانایەی هەرچەندە کە تەمەنی کەم بووە ، بەڵام خزمەتێکی زۆر گەورەی شێوەکاری کردووە .ساڵی ۱۹۷۰ _ ١٩٧٤ لە گەرمیانی کەرکوك ،لەلایەن یەکێتی لاوانی کوردستان تیپێکی موزیك و گۆرانی دروست بوو بەسەرپەرشتی چەند موزیکژەن و گۆرانیبێژێك کە ئەندامی تیپەکەش بوون ،هونەرمەندان (سەلاح داودە و فایەق داودە و بەشیر سەبری و شەوکەت ڕەشید)،وە تیپی سۆلاف کە لەو سەردەمەدا کارە هونەریەکان لە دەڤەری کەرکوك نوێ و بێوێنە بوون . هەوەها ڕادیۆ و کەناڵی تیڤی کەرکوك .

باسی سێیەم/ کورتەیەك لە ژیاننامەی هونەری هونەرمەندان ((عەلی مەردان و حسێن عەلی))

یەکەم/ کورتەیەك لە ژیاننامەی هونەرمەند عەلی مەردان

لە گەڕەکی تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی شاری کەرکوك لەساڵی ١٩٠٤ هاتۆتە دنیاوە باب و باپیرانی خەڵکی کانی ساردی پشت سلێمانین، باوکی ناوی قادرە و دێتەوە سەر شێخەکانی بەرزنجە. باپیرەی قادر ناوی سەیگوڵە و (مەردان) نازناوێکە وە دایکی ناوی شانازە و لە عەشیرەتی زەمنەیە. وەك دەزانین گۆرانی ئایینی بەشێکی گرنگی پێکدێت لە مەقام و سرووتە ئایینیەکانی تایبەت بە تەکیە و خانەقاکان لە شاری کەرکوك کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جۆرێك لە سەمای ڕۆحانی دەگرێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە یەزدان. گەڕەکی تەکیە ڕۆژانی پێنجشەممان و هەینی یان ڕۆژەکانی بۆنە ئایینیەکان ڕۆژانی خوێندنی قورئان و هەڵبەستە ئایینیەکان بوون نابینایان و فەقێ دەنگخۆشەکان بە جۆش و خرۆشەوە تەرتیلی قورئانیان کردووە و سەرنجی عەلی مەردانیان ڕاکێشاوە،

لە ناو تەکیە لەلای مەلا ساڵح کە دەرسی بە منداڵی گەڕەك دەوت خەتمی قورئانی کردووە، تەکیەی تاڵەبانی زادەی مەقامبێژێکی ڕەسەنی نێو فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیانە ئەویش (عەلی مەردانە)، هەر لە کەرکوك چۆتە قوتابخانە بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی باوکی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات ، چونکە خۆی و خوشکێکی کە ناوی پیرۆزە بە تەنیا مانەوە خاڵی کە لە دێی لەیلان دەژیا هەردووکیان دەباتە لای خۆی، لەوێ دەست دەکات بە ئیشی جوتیاری و لە کاتی ئیشکردندا گۆرانی دەڵێت، ئاشکرایە کە گۆرانی کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە گۆرانی بۆ ئیشکردن دەوترێت و لەگەڵ جوتەی لەش دەگونجێت و باری لەش سوك دەکات و مرۆڤ گورج و گۆڵ دەکات لەکار ، شەش مانگ بەردەوام دەبێت دواتر لەخاڵی زویر دەبێت و دەچێتە بەغدا، [١٤]

عەلی مەردان هونەرمەندێکی دیاری ناو مەقام و بەستە و گۆرانی کوردیە سەرەتا لە لەیلان لە نێو تەکیە لەبەر دەستی مەلا و فەقێکاندا بواری فێربوونی مەقامی بۆ ڕەخساوە یەکەم کەسایەتی کە عەلی مەردان لێیەوە فێری مەقام بووە مەلا ڕەئوف بوو کە لە تەکیە لە ژێر دەستی ئەو بووە بە حافزی قورئان . دواجار هاوڕێیەتی لەگەڵ مورتەزاخانی ئیسفەهانی دەکات و ماوەی ساڵ و نیوێك لەگەڵی ماوەتەوە چەند مەقامی زانیوە فێری کردووە، دوای ئەوە ئەسغەر هەمەدانی لە عەشیرەتی تاهیر هەمەدانی شاعیر بوو لای

---

[١٤] . چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ " هونەرمەند عەلی مەردان" ئامادەکردنی : یاسین مەولود ، ١٩٧٠.

ئەویش وەکو (دەشت و ماهور و شوشتەر و ...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی بە زمانی فارسی ووتوە ، پاشان لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا ئەو بواڕەی بۆ فراوانتر دەبێت، [١٥]

لەساڵی ١٩٣٦ عەلی مەردان لە ماوەی دوو ساڵ لە بەغدا توانی بوونی خۆی بسەلمێنێت لەناو مەقامبێژەکانی بەغدا، وەفدێکی عێراقی چوون بۆ میصر بە مەبەستی سازدانی کۆرێکی گۆرانی و موزیك یەکێ لەوانە عەلی مەردان بوو کە لەوێ بە کوردی گۆرانی ووتوە خەڵکێکی زۆر دەوریانداوە چونکە میصر ئەوکاتە کوردی زۆری لێ دەژیا، هونەرمەند عەلی مەردان لە دەزگا و کۆبونەوە هونەریەکان مەقام و گۆرانی ووتوە و ئاوازی داناوە، ماموستا میقداد عەلی مەردان بە یەکەم سەفیری مەقام و گۆرانی کوردی دادەنێت ،چونکە لە ئوردن و میصر و بەغدا و سوریا گۆرانی ووتوە . یەکەم کۆنگرەی موزیکی کوردی لەساڵی ١٩٣٢ لە قاهیرە سازکرا هەریەکە لە هونەرمەندان محمد قوبانچی و عەلی مەردان بەشداربوون، [١٦]

ساڵی ١٩٣٩ بە فەرمی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا دەکرێتەوە و عەلی مەردان دەبێت بە بەڕێوەبەری ئێزگەکە وە لەساڵی ١٩٤٨ ئێزگەی شەرقیەی ئێدنای لە ئوردن ئاهەنگێکی گۆرانی سازدەکات هەر لەو ماوەیەدا سەردانی دیمەشق دەکات و لەوێش ئاهەنگێکی گۆرانی لە ئێزگەی دیمەشق سازدەکات، پاشان سەردانی ئێزگەی لوبنان دەکات و لەوێش ئاهەنگێکی گۆرانی وتنی بۆ دەڕەخسێت، ساڵی ١٩٣٧ کچێکی ناسیاوی خۆیان دەخوازێت (زەینەب محمد عەلی) دەبێتە هاوسەری و لە ڕۆژانی پشوودا لە بەغدا دەیخستە پشتی پاسکیلەکەی و هەندێ شوێنی نزیکی نیشان دەدا لەماوەی ژیانیاندا چوار کچ و چوار کوڕیان بووە،ئەو سەردەمەی عەلی مەردان گۆرانی تێدا وتووە لە کۆمەڵگەی کوردەواری و عێراقی دا گۆرانی وتن عەیبە بووە دەسکەوتەکەشیان کەم بووە، یەکێکی وەکو هونەرمەند (محمد قوبانچی) بەقاڵ بووە بەڵام عەلی مەردان تەنیا بەکاری هونەری دەژیا.

---

[١٥] . عەبدولقادر عەلی مەردان : گەڵای پایز بیرەوەری عەلی مەردان، چاپخانەی هیوا، بغداد ١٩٧٧، ل ٣٧.

[١٦] .چاوپێکەوتێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هونەرمەند عەلی مەردان لە www.hawlati,com .

علی مەردان لە دیدی هونەرمەندانی کورد

شوکرخەیات دەڵێت: هەرکات لەگەڵ عەلی مەردان و حسێن عەلی یەکترمان دەبینی دادەنیشتین باسی مەقاماتمان دەکرد، وە خۆی بە فێرخوازی عەلی مەردان دادەنێت وتیشی هەرچی مەقام هەیە لەناوچەی گەرمیان کردوویەتی بە مۆرکی کورد بۆیە هەقوایە پەیکەرێك لە ئالتون بۆ مامۆستا عەلی مەردان دروست بکرێت لەبەرئەوەی شوناس و نەتەوایەتی کوردی ئاشکرا کردووە بە مەقامات، چونکە هەر وڵاتێك مەقامی نەبوو وە مەقامزانی تێدا نەبوو ئەو وڵاتە خەڵك ناینناسێت . [17]

چالاك سدیق : مامۆستا عەلی مەردان چەند فۆرم و مەقامی کوردەواری تۆمار کردووە ئەمە بۆتە گەنجینە و ئەرشیفێکی زیندوو بۆ ئێمەی کورد، یەکەم جار مەقامی ئای ئای وتووە، سەردانی وڵاتی ئێرانی کردووە لەوێ مەقامی هومایۆنی خوێندووە هەر مەقامە و بە چەند شێوازێك وتووە ، بەنموونە مەقامی خەنەباتی بە چەند شێوەیەك وتووە و مەقامی بەیاتی بە هەموو جۆرەکانی وتووە گۆرانی(ئەی مانگ) بەیات کورد بە یەکێك لە مەقامە سەرەکیەکان دادەنرێت لە بواری مەقامات (قەتار و ئەلاوەیسی و هیجران و ئای ئای) وە مەقامی شووری وتووە کە شیعری شاعیری گەورە (ئەسیری) بەکارهێناوە .

مەقامی نەهاوەندی بە چەند جۆرێك وتووە، وە مەقامی ڕەستی بە تورکمانی وتووە یەکێك لەو ڕەستانەی کە سەرنجی زۆر لە مەقامبێژان و گۆرانیبێژانی ناوچەکەی ڕاکێشاوە، [18] **مەقامی (ڕەست ماهور) مۆرکی کوردی پێوە دیارە زۆر بە کوردیانە وتویەتی خورشیدی و ئەلاوەیسی سەد لە سەد مۆرکی شاری کەرکوکی پێوە دیارە.**

---

[17] . گەرمیان شکور هەیەری: چەیانەی شکور خەیات ،چاپخانەی ناودار کەرکوك ٢٠١٠، لا ٤٢.

[18] . پەیژە: ژمارە (٣) بلاوکراوەی بنکەی مەقام ،ساڵی سێیەم /٢٠١٣ پایزی ٢٧١٣ .

دووەم / کورتەیەك لە ژیاننامە و کارە هونەریەکانی هونەرمەند حسێن عەلی:

مامۆستا حسێن عەلی ناسراو بە (حسێن عەلی گورجی)[19] ئەم نازناوەش لە نەنکیەوە وەرگرتووە ، کە ژنێکی گورج و گۆڵ بووە ئیتر گورجی بووە بە نازناوی بنەماڵەکەیان .حسێن عەلی لە ساڵی ١٩٢٥ لە دێی زەندی مەلا یوسفی حەوتە غاری سەر بە قەزای داقوق لەدایکبووە. دایکی ناوی ئامینە کەریم زەنگەنەیە، مامۆستا حسێن عەلی هەر لە منداڵیەوە گوێی بە دەنگی شمشاڵ و دووزەلەی شوان و قەتار و ئەلاوەیسی و ئای ئای جوتیارانی دێیەکەیان گەورە بووە ،

ئەمەش ڕەنگدانەوەیەی هەبووە لەسەری و هەر لە گەنجێتیەوە خولیای هونەری گۆرانی و مەقام بووە، وە شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە زۆربەی مەقامە کوردیەکان دواتر لە ڕێگەی قەوانەوە ئاشنای دەنگی عەلی مەردان و عەبدولای سەعید کەرکوکی و دەیان گۆرانیبێژی ئەو سەردەمە بووە. هەروەها لە ئەرشیفی هونەرمەند حسێن عەلی دا چەند گۆرانییەك ڕیکۆرد کراوە کە لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستا عەلی مەردان و سەعیدی عەبدولاْ کەرکوکی وتراون، تاکو ئێستا لەلایەن شەیدایانی دەنگی هونەرمەند حسێن عەلی پارێزراون. هەر وەك لە شێوازی کارکردنی هونەری گۆرانی هونەرمەند حسێن عەلی دەردەکەوێت کاریگەری زۆری مامۆستا (عەلی مەردان) ی لەسەر بووە و ئاوازی بۆ ژمارەیەك لە گۆرانییەکانی داناوە و مەقامەکانی بۆ تۆمار کردووە، لەسەر دەستی (حەمە دریژ و باڵەبانژەن "ئەحمەد داودە" و خەیرولاْ خەیات) یش فێری مەقام بووە. یەکەم گۆرانی خۆی ساڵی ١٩٤٨ لە ئێزگە دا کاری کردووە. جگە لەوە لە مەقامەکانی (ئای ئای ،خورشیدی، قەتار، شوور، ئەلاوەیسی) دا شارەزاییەکی باشی پەیداکردووە،

بەستەی فۆلکلۆر و ئامادەکراویشی لەبەر بووە و ئەم بەستانەی لەگەڵ مەقام دا وتووە و بەشێك لەم کارانەشی لە ئێزگە بلاوکردووەتەوە و ئەندامی دەستەی هەڵسەنگاندن بووە لە ئێزگە. حسێن عەلی هاو سەردەمی (سەلاح داودە و خدر بارام) بووە لە ناوچەی (داوێ)ش مەقامبێژی کاکەیی ڕەسەنی وەك (مام خەزعەل ومام شەوکەت) بوون کاریگەریان لەسەر یەکتر داناوە.

مامۆستا عەلی مەردان سەبارەت بەم هونەرمەندە لە کتێبی بیرەوەری گەلاْی پاییزدا نووسیویەتی : حسێن عەلی هونەرمەندێکی میللی دەنگخۆشبوو گوێگری دەهەژاند، ئەویش هەر لە هەفتەغار بوو کە خۆم لێوەی

[19] . بەرنامەی " ئەوانەی بیر ناچنەوە "لە ڕادیۆی نەورۆز ساڵی ٢٠١٥. ئامادەکردنی (ڕێبوار ئیدریس).

هاتمه بەغدا بەلاّم بەداخەوە سەوادی نەبوو ئاوازەکانی بە گران وەردەگرت. بەلاّم جۆش و خرۆشێکی بەرچاوی تێدابوو بۆ هونەر و ئاوازی گەرمیان.

شوکر خەیات: لە بارەی حسێن عەلی دەڵێت: من لەساڵی ١٩٥٤ بەهۆی کاری هونەرییەوە حسێن عەلیم ناسی و بووین بە هاوڕێ . ئیتر لەوەوە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا کاری هونەریمان بەیەکەوە ئەنجام دەدا و گۆرانیمان دەوت، زۆربەی گۆرانییەکانمان لە دیوەخان و شوێنی گشتی دا دەوتەوە یاخود لە تەکیەکاندا ئاهەنگمان زۆر گێڕاوە بەنموونە لە جەژنی نەورۆز لە ١١ی ئازار دا ئاهەنگمان گێڕا. بەداخەوە ئێمە هیچکام لەو ئاهەنگ و گۆرانییانەمان تۆمارنەکردووە هەمووی لەناو چووە، چونکە ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو، ئەم ئامێرانەی ئێستا بۆ تۆمارکردن هەیە ئەوکات نەبووە ئەم هونەرمەندە لە بواری مقام دا زۆر شارەزا بوو و زۆربەی مەقامەکانی گەرمیانی گوتووە وەک (ئەلاوەیسی، خاوکەر، خورشیدی، مەقامی بەیات، ئایئای، حیجاز، عەجەم، سێگا، چوارگاو...هتد)

هەم لە ڕووی مەقامەوە سەرکەوتوو بوو، ئەو بەستانەی دەیگوتەوە کەس نەیدەتوانی وەکو ئەو بەجوانی ئەدای بکات و جگە لەوەی شارەزاییەکی باشی هەبووە لە هونەردا وەک مرۆڤیش کەسێکی خۆشەویست بووە لە لای خەڵک. حسێن عەلی ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ مەعروف بەخاک سپێردراوە . [٢٠]

هونەرمەند عومەرە دڕێژ کوڕی مەقامبێژ حەمە دڕێژ دەڵێت: حسێن عەلی لە دوای مامۆستا عەلی مەردان بەپلەی یەکەم دێت! بەتاییەت لە مەقامدا توانایەکی باشی هەبووە لە ئەداکردنی مەقامدا بەتاییەت لە مەقامە کوردییە ڕەسەنەکاندا، بەرهەمەکانی لە ئیزگەی بەغدا تۆمارکردووە، توانیویەتی سوچێکی گەورە لە هونەری کوردی پڕبکاتەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی فۆلکلۆری کوردیشی بەجوانی تۆمارکردووە و لە فەوتان ڕزگاری کردووە. ئەم هونەرمەندە دەنگێکی ڕەسەنی گەرمیان بوو، یادەوەریم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە زۆر بوو لە تەلەفزیۆنی کەرکوک ئەو کات لەوێ موزیکژەن بووم هەرکات بەیەکەوە دادەنیشتین ئەو گۆرانی دەگوت و من موزیکم دەژەنی،

[٢٠] . بیرەوەریەکانی هونەرمەند "عەلی مەردان" ئامادەکردنی یاسین مەولود لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا. سەرچاوەی پێشوو.

زۆرجار لەگەڵ ئەو و ڕەمەزان زامدار لە ماڵی شەوکەت ڕەشید کۆدەبووینەوە و گۆرانیمان دەگوت و گفتوگۆی هونەریمان دەکرد لەبارەی مەقام و گۆرانی کوردییەوە بیر و ڕامان دەگۆڕیەوە. بەداخەوە ئەو دانیشتنانە تۆمارنەکراون . [٢١]

شیاو بێ ڕۆژ / برازای هونەرمەند حسێن عەلی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: هونەرمەند حسێن عەلی گورجی (٤٦) گۆرانی و مەقامی وتووە، یەکەم گۆرانی لە ساڵی ١٩٤٨ لە ئیزگەی کوردی و بەغدا وتووە ئەویش گۆرانی ((وەك قومری سەر بانم شینە)) وە لە پاڵ گۆرانییەکانی تردا گۆرانی نیشتیمانی هەبووە و لەسەر ئەو گۆرانییانە زیندانی کراوە و ئەشکە نجە دراووە . [٢٢]

[٢١] . هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[٢٢] . بەرنامەی (ئەوانەی بیر ناچنەوە) لە ڕادیۆی نەورۆزساڵی ٢٠١٥ ، ئامادەکردنی :ڕێبوار ئیدریس .

تۆێژینەوەکانی پێشوو

هیچ تۆێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی نەلە کتاب و نە گۆڤار و نە سایتە کانی حکومی و ناحکومی بەناونیشانی (گەشەی هونەری گۆرانی و موزیك و پێشکەوتنەکانی لە باشوری کوردستان) نەکراوە ، بۆیە بەیەکەم تۆێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەم ڕوانگەوە هەژماردەکرێت .

بەشی سێیەم/ نمونەی تـوێژینەوە و شیکردنەوەی نمونەکان

- **یەکەم/ شیکردنەوەی گۆرانیەکانی هونەرمەند (عەلی مەردان)**



گوڵە باخ

گوڵە باخ گوڵە باخ گوڵی باخی بێ کەیف و بۆچ بێ دەماخی

چی بووە تۆرای هەمیسان گوڵاڵە سوورەی نیسان

دە پێم بڵێ لەسەر چی مات و مەلوولی بۆچی

کێ وای لێ کردووی کێ پێم بڵێ دڵت دا بە کێ

گوڵە باخ گوڵە باخ گوڵی باخی

نەخۆش و هێز لێ بڕاوم لە دووریت ئەی هەردوو چاوم

من بە تیری تۆ پێکاوم دامنا لەسەر لەسەر هەردوو چاوم

تۆش ئەڵێی بڕۆ لێت تۆراوم جارێکی تر نەبەی ناوم

بۆچی چیم کردووە گوڵم ئەجنی سی و جەرگ و دڵم

گوڵە باخ گوڵە باخ گوڵی باخی

نەکەی چیتر ناوم بێنی بێ و بپرسی بڵێی چۆنی

هان ئەدەم لێتدەن بە دار ژینت لێ بکەن بە ژار

پێم خۆشە بمدەن لەدار خواردنم بێ ژەهری مار

خولامێکم بێ پەراو لە قیمەشم دەن بەخوا

گوڵە باخ گوڵە باخ گوڵە باخی

گۆڵە باخ

١. ئەم گۆرانییە لەسەر مەقامی عەجەم بنیات نراوە یاخود بە جیهانی پێی دەڵێن (میجەر) یاخود پەیژەی گەورە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ..



٢. ئەم گۆرانییە موزیکەکەی لە سەرەتا بە کێشی (٤/٢) دانراوە پاشان کە گۆرانییەکە دەستپێدەکات و دەگۆڕێت بۆ کێشی (٤/٤) .

٣. میانەی بەکار هاتووی تێمی A ،کە دەکاتە سەرەتای موزیکەکە بریتییە لە (١٢) تۆن. کە دەکاتە (لا)ی خوار (دۆ)ی ناوەڕاست تاکو (می) ئۆکتاڤی دووەم ، بەڵام میانەی گۆرانییەکە بریتییە لە شەش تۆن کەلە (سۆڵ)ی ناوەڕاست تاکو (می) ئۆکتاڤی دووەم.

٤. ئەم گۆرانییە لە ڕەگەزی عەجەم پێکهاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە..



٥. میانەی گۆرانیەکەی نزمترین دەنگی کە دەکاتە دەنگی (فا)ی ناوەڕاست، بەرزترین دەنگی دەکاتە (می) ئۆکتاڤی دووەم .

٦. ئەو دەنگەی کە زۆر دووبارە دەبێتەوە دەنگی (دۆ)ی ئۆکتاڤی دووەمە لە گۆرانییەکە بەڵام لەسەر دەنگی (لا بیمۆڵ) بنیات نراوە.

٧. میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە بریتییە لە (یەکی تەواو ،دوانی گەورە ، سیانی بچووك، دوانی بچووك، سیانی گەورە) .

٨. شێوەی ڕیتمی گۆرانییەکە بەم شێوەیەیە ..

فاتیمه

فاتیمه دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە

ڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانی یە

فاتیمه دوو چاوی مەستت

شێتی کردم فاتیمه

بەژن و بالاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە

لارە و لە نجەت مۆسیقا یە بەستە یە گۆرانی یە

بووکی ڕازاوەی خەیاڵم

گیانەکەم ست فاتیمه

تاقە پڕشنگێکی چاوت

ئەو پەڕی ئاوا تمه

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە

هەر بە تەنها بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە

هەر بە تەنها خۆشەویستی شك ئەبەم ئەی فاتیمه

سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەو پەڕی ئاوا تمه

فاتیمە

١. **ئەم گۆرانییە لەسەر مەقامی حیجاز بنیات نراوە لەسەر دەنگی (سۆڵ) بەڵام هەندێك جار بە هێمای لاوەکی دەچێتە ناو ڕەگەزی (ڕاست) .**

٢. **موزیکەکەی بە کێشی (٤/٤) دانراوە .**

٣. **میانەی بەکار هاتووی ئەم گۆرانی یە بریتی یە لە (٨) تۆن واتە یەك ئۆکتاڤ یان میانەیەکی (٨)ی تەواو بەم شێوەیەی لای خوارەوە ..**



٤. **ئەم گۆرانی یە لە مەقام (حجاز)پێك هاتووە ،هەندێك جار بە هێمای لاوەکی دەچێتە ناو ڕەگەزی**

٥. **میانەی ئەم گۆرانی یە نزمترین تۆن کە دەکاتە دەنگی (سۆڵ)ی ناوەند دەکات ،بەرزترین تۆن کە دەکاتە دەنگی (سۆڵ)ی ئۆکتاڤی دووەم .**

٦. **دەنگی سەرەکی ئەم گۆرانی یە دەنگی (دۆ)ی ئۆکتاڤی دووەم دەکات کە لە هەموو دەنگەکان زیاتر دووبارە دەبێتەوە ، بەڵام خۆی لەسەر دەنگی (سۆڵ) بنیات نراوە.**

٧. **میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانی یە بریتی یە لە (یەکی تەواو ،دوانی بچووك، دوانی گەورە ، دوانی بچووککراو ، سیانی بچووك ، چواری تەواو) .**

٨. **شێوەی ڕیتمی گۆرانییەکە بەم شێوەیەیە.**

کراس کوده‌ری

کراس کوده‌ری ئاوریشم — با به‌س ئاخت بۆ هه‌ڵگێشم

وه‌ره وه‌ره به‌ر په نجه‌ره — گێڵ گێڵه داری

خۆم ئه‌بم به میوانی — ناسك و نازداری

کراسه‌که‌ت چیتی مۆره — تۆزێ هه‌ڵیکه زۆر شۆڕه

دڵ هه‌ر دڵێکه دام به تۆ — توخوا چاو جوان دڵ مه‌گۆڕه

کراسه‌که‌ت که‌تان شینه — موباره‌کت بێ شیرینه

له‌سه‌ر چی له‌من تۆراوی — ڕه‌حمت بێ به‌سیه ئه‌م قینه

کراسه‌که‌ت چینی ئاڵه — چه‌ند جوانه یار چاوی کاڵه

پرسی مه‌لام کردووه — ماچی بۆ من حه‌ڵاڵه

وه‌ره وه‌ره توخوا وه‌ره — ئه‌ی شۆخی دڵدار

من فیدای بالای به‌رزتم — ڕۆژی دوو سه‌د جار

١. ئەم گۆرانییەی کراس کودەری بە کێشی (١٦/١٠) کە ناوی ڕیتمەکەی (جۆرجینەیە).

٢. ئەم پارچە موزیکە بۆ ئەم گۆرانییە دانراوە لەسەر مەقامی بەیاتی (می) پەیژەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە ..



٣. میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە بریتییە لە چوار دەنگ کە ڕەگەزی بەیاتە بەم شێوەیەی لای خوارەوە ..



٤. ئەم گۆرانییە لە ڕەگەزی بەیات پێکهاتووە.

٥. میانەی گۆرانییەکە نزمترین تۆن دەنگی (می) دەکات تاکو بەرزترین تۆن (سی) دەکات .

٦. ئەو دەنگەی کە زۆر دووبارە دەبێتەوە لەم گۆرانییە دەنگی (سۆڵ) دەکات ، بەڵام ئەم گۆرانییە لەسەر دەنگی (می) بنیات نراوە .

٧. میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە بریتی یە لە (چواری تەواو، دووانی بەیات، سیانی ڕەست ، دووانی گەورە ، یەکی تەواو)

٨. شێوەی ڕیتمی ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە..

دووەم/ نموونەی شیکردنەوەی گۆرانیەکانی حسێن عەلی



کەتان کەتان

کەتان کەتانە باوانم عەمرم کەتانە　　کەتان دەم بچکۆل یاری خۆمانە
کەتان کەتانە باوانم عەمرم کەتانە　　کەتان دەم بچکۆل یاری خۆمانە
ئەگەر بزانی لە کوێ گیر ماوم　　بە چ زنجیرێ پێوەند کراوم
ئەگەر بزانی لە کوێ گیر ماوم　　بە چ زنجیرێ پێوەند کراوم
ئەگەر نەبوایە بە بۆنەی تۆوە　　من ئیشم چی بوو بەم کەژ و کێوە
ئەگەر بزانی لە حاڵی دەردم　　بەزەییت دێ بە ڕەنگی زەردم
سوێندم بۆ خواردووی بە حەق ئەو چاوە　　تینوێتیم تۆ بووی بەهانەم ئاوە

کەتان کەتان

١. **پارچە موزیکی گۆرانی (کەتان کەتان) بە کێشی (٤/٤) دانراوە .**

٢. **ئەم پارچە موزیکە کە بۆ گۆرانی (کەتان کەتان) نووسراوەتەوە لەسەر مەقامی (نەگریز) کە لە نێو کورد و فارسدا بە (هەمایۆن) ناسراوە ، لەسەر دەنگی (دۆ) بنیات نراوە پەیژەکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە ..**



٣. **میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە لە (٥) تۆن پێکهاتووە کە میانەیەکی پێنجی زیادکراو دەکات**

٤. **ئەم گۆرانییە لە ڕەگەزی گرێی نەگریز پێکهاتووە ، هەرچەندە گۆرانییەکە دەنگی (سۆڵ)ی تێدا نیە ، بەڵام وەک تەواوکەرێک بۆ ڕەگەزەکە نووسراوەتەوە دەنگی (سی) یش بە هەمان شێوە.بەم شێوەی لای خوارەوە ..**



٥. **میانەی گۆرانییەکە لە نزمترین تۆن کە دەنگی (سی) دەکات تاکو بەرزترین تۆن کە دەنگی (فا)ی ناوەڕاست دەکات .**

٦. **دەنگی سەرەکی ئەم گۆرانییە دەنگی (می) دەکات کە زۆر دووبارە دەبێتەوە بەڵام لەسەر دەنگی (دۆ) بنیات نراوە .**

٧. **میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە (یەکی تەواو ، دووانی گەورە ، دووانی بچووک، سیانی بچووک ، دووانی گەورەکراو) .**

٨. **شێوەی ڕیتمی ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە ..**

نەمام نەمامە



DANYAL SULIMAN

نەمام نەمامە

باغە بچکۆلەی بەینی باغانم ئەی هاوار نەمام
دەورم خراوە ،لیمۆی هەرزانم باریکە نەمام
نەمام نەمامە،نەمام ئاڵە پڕ ملی خاڵە
ئەوەتا لەو ماڵە ئەی هاوار نەمام
شەوڕنت هەر خۆم بووم کەوتم لە باغت

ئەی هاوار نەمام

چە پکێ گوڵ بدەم لە سای دەماغت باریکە نەمام
نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە پڕ ملی خاڵە
ئەوەتا نەمام ئەی هاوار نەمام
کراسەکەی بەرت مەیدە لە دیوار ئەی هاوار نەمام
دڵ هەر دڵێکە مەیدە بە هەزار باریکە نەمام
نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە پڕ ملی خاڵە
ئەوەتا لەو ماڵە ئەی هاوار نەمام
بەسمان لێ بگرە سەراسۆی بانی ئەی هاوار نەمام
خۆ لەمن ماڵی زۆر لە تۆ جوانی باریکێ نەمام
نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە پڕ ملی خاڵە
ئەوەتا لەو ماڵە ئەی هاوار نەمام

نەمام نەمامە

١. **پارچە موزیکی گۆرانی (نەمام نەمامە) بە کێشی (٨/٣) دانراوە.**

٢. **ئەم پارچە موزیکە کە بۆ گۆرانی (نەمام نەمامە) نووسراوەتەوە لەسەر مەقامی(کورد) لەسەر (ڕێ)**



٣. **میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانیە لە**

٤. **ئەم گۆرانییە لە ڕەگەزی ( )پێکهاتووە .**

٥. **میانەی گۆرانییەکە لە نزمترین تۆن کە دەنگی (ڕێ)ی سەروو (دۆ)ی ناوەڕاست ، تاکو بەرزترین تۆن کە دەنگی (لا)ی ئۆکتاڤی یەکەم.**

٦. **دەنگی سەرەکی ئەم گۆرانییە (ڕێ) یە**

٧. **میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە (یەکی تەواو ، چواری تەواو، دووانی گەورە، دووانی گەورەکراو، دووانی بچووککراو) .**

٨. **شێوەی ڕیتمی ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە ..**

ئـامۆزا



DANYAL SULIMAN

ئامۆزا

خۆم بەخۆمم کرد تیر بارانم کەن ، ئامۆزا گیان

لەبەر بەیانا دەر بە شارم کەن ، ئامۆزا گیان

ئامۆزا تۆ بالاّ بەرزی

ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

ئەگەر نەبوایە بە لۆمەی بسات ،ئامۆزا گیان

کە پریّکم ئەبەست شەو و رۆژ لە لات ،ئامۆزا گیان

ئامۆزا

١. پارچە موزیکی گۆرانی (ئامۆزا) بەکێشی (٨/٥) دانراوە .

٢. ئەم پارچە موزیکە کە بۆ گۆرانی (ئامۆزا) نووسراوەتەوە، لەسەر مەقامی (کورد) بەم شێوەیەی خوارەوە ..



٣. میانە بەکارهاتووەکانی ئەم گۆرانییە بریتین لە (یەکی تەواو، دووانی گەورە، دووانی گەورەکراو، دووانی بچووککراو) .

٤. بەرزترین تۆن لە گۆرانییەکەدا (می) ئۆکتاڤی دووەمی سەروو (دۆ)ی ناوەڕاست وە نزمترین تۆن (لا)ی ئۆکتاڤی یەکەمی سەروو (دۆ)ی ناوەڕاست .

٥. ئەو دەنگەی لەم پارچە موزیکەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە دەنگی (ڕێ) یە کە لەسەر هەمان دەنگ بنیات نراوە .

٦. میانەی بەکارهاتووی ئەم پارچە موزیکە بریتی یە لە (پێنج) تۆن .

٧. شێوەی ڕیتمی گۆرانییەکە بەم شێوەیە ..



هاني زالم زالم



DANYAL SULIMAN

هەی زاڵم

هەی زاڵم ، زاڵم ، زاڵم

مەمکوژە تەنیا ماڵم

بۆ ماچی لێوی ئاڵت

گیانە من وا عەوداڵم

بابایەکی عاشقم

ئەمن بێ ژن و ماڵم

خودا بۆمت بنووسێ

تۆ ببی بە حەلاڵم

ئەرێ ئێوارە دیتم

خانم کاشکە نەدیامەت

ئەمجار پێمت نیشان دا

گیانە گۆشەی قیامەت

هەی زاڵم زاڵم

١. **پارچە موزیکی (هەی زاڵم زاڵم) بە کێشی (٢ /٤) دانراوە .**

٢. **ئەم پارچە موزیکە کە بۆ ئەم گۆرانییە نووسراوەتەوە لەسەر مەقامی (کورد)**



٣. **میانە بەکارهاتووەکانی بریتین لە (یەکی تەواو، دووانی گەورە ، سیانی گەورە ،سیانی گەورەکراو ،چواری تەواو ، پێنجی تەواو) .**

٤. **دەنگی سەرەکی ئەم گۆرانییە دەنگی (لا) دەکات ، کە دۆمیناندی پەیژەکەیە وە بە دەنگی (ڕێ) کۆتایی دێت کە بنکەی پەیژەکەیە .**

٥. **بەرزترین تۆن لەم پارچە موزیکە (لا)ی ئۆکتاڤی سەروو (دۆ)ی ناوەڕاست ، نزمترین تۆن (ڕێ)یە.**

٦. **میانەی بەکارهاتوو لەم پارچە موزیکە دا بریتی یە لە (پێنج) تۆن .**

٧. **شێوەی ڕیتمی ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە..**



حـــــتبيبم



DANYAL SULIMAN

حەبیبم

لێم مەدە بە تیر حەبیبم

دڵ بڕیندار و غەرییم

من بە ماچی لێوت ڕازیم

خوایە بیکەی بە نسیبم

ئەی هاوار ئەگەر کچ حەزکا

گیانەکەم کوڕ بلاوێنێ

ئەی وەڵلاّ جەڕە هەڵدەگرێ

ئەی دەچێ ئاو لە دوور دێنێ

سا وەڵلاّ چاوێ هەڵبڕە

گیانەکەم تۆ بزانە من کێم

ئەی هاوار کوڕەکەی دوێنێم

گیانەکەم ماچەکەت دا پێم

ئەی هاوار جا هێڵ بە دوو شت

گیانەکەم هەوا دەسێنێ

وەی یەکەم لە کەلاوە

جا دووەم چاو هەڵتەکێنێ

حەبیبم

١. **پارچە موزیکی گۆرانی (حەبیبم) بە کێشی (٨/٦) دانراوە .**

٢. **ئەم پارچە موزیکە کە بۆ گۆرانی (حەبیبم) نووسراوەتەوە ، لەسەر مەقامی (کورد)ە، بەم شێوەیەیەی لای خوارەوەیە ..**



٣. **میانە بەکارهاتووەکانی ئەم پارچە موزیکە بریتین لە (یەکی تەواو، دووانی گەورە، دووانی گەورەکراو، سیانی گەورە) .**

٤. **بەرزترین تۆن (می) ئۆکتاڤی دووەمی سەروو (دۆ)ی ناوەڕاست وە نزمترین تۆن (لا)ی خوار (دۆ)ی ناوەڕاست .**

٥. **میانەی دەنگی ئەم گۆرانییە لە (پێنج) دەنگ پێکهاتووە (ڕێ) بۆ (لا) کە دەکاتە تۆنی بنکە و دۆمیناند .**

٦. **شێوەی ڕیتمی ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە ..**



مةمدوينــه



DANYAL SULIMAN

١. پارچە موزیکی گۆرانی (مەمدوینە) بەکێشی (٨/٥) دانراوە .

٢. گۆرانی (مەمدوێنە) لەسەر مەقامی



٣. میانەی گۆرانییەکە نزمترین دەنگی (لا) بەرزترین دەنگی (ڕێ)

٤. ئەم گۆرانییە لە ڕەگەزی

٥. میانەی بەکارهاتووی ئەم گۆرانییە (دووانی گەورە، دووانی گەورەکراو، چواری تەواو، سیانی گەورە، حەوتی گەورە)

شێوەی ڕیتمی گۆرانییەکە بەم شێوەیە ..



بەشی چوارەم

پێشنیار /

١. پێشنیارم بۆ ئەو کەسانەی لەدوای من لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە دەکەن هەوڵ بدەن باس لەو بەشانە بکەن کە من نەمخستۆتە ڕوو یان بە دەستم نەگەیشتووە .

٢. لەسەر ئەو ئەرشیفانە کار بکەن کە نەگەیشتۆتە دەستم .

٣. هیوادارم تۆێژینەوەکەم بۆ ئەو فێرخوازانەی دوای من دەیانەوێت تۆێژینەوە ئە نجام بدەن دەربارەی ئاستی گەشەکردنی موزیك و گۆرانی لە شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ _ ١٩٨٠) وە لە بارەی کارە هونەریەکانی گۆرانییبێژ و مەقام خوێن (عەلی مەردان و حسێن عەلی) سودی هەبێت و توانییبێتم ئاسانکاریم کردبێت لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست .

ڕاسپاردە/

تۆێژەر لە ژێر ڕۆشنایی ئە نجامی تۆێژینەوەکەی ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو :

١. داواکارم لە شارەزایانی بواری موزیك هەوڵی کۆکردنەوە و چاپکردن و دووبارە تۆمارکردنەوەی گۆرانییەکانی گۆرانییبێژەکانی شاری کەرکوك بەتاییەت کارەکانی عەلی مەردان و حسێن عەلی) و گۆرانییبێژەکانی تر بە دانان و دابەشکردنی موزیکی نوێ بۆ بەرهەمەکانیان .

٢. داواکارم لە لایەنی پەیوەندی دار پەرتوکخانە دەوڵەمەند بکرێت بە بابەت و سەرچاوە بە زمانی کوردی بەتاییەت سەرچاوەی هونەری لە کۆلێژی هونەر .

دەر ئەنجام:/

١. **هونەرمەند عەلی مەردان خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە خۆیەتی لە ئاواز و گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی دا.**
٢. **مامۆستا عەلی مەردان سەرەتایەکی زانستی لە هونەری گۆرانی و مەقام خوێندن دا لە شاری کەرکوك داهێنا .**
٣. **بلاوونەبوونەوەی هەندێك لە مەقام و بەستەکانی کە لە لایەن نەوەکەی پارێزراوە .**
٤. **گرنگی پێنەدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو مەقام و بەستانەی کە تاوەکو ئێستا بلاوونەکراونەتەوە .**
٥. **دروستبوونی ئاشنایەتی لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانیەوە لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوەی شاری کەرکوك وەکو بەغدا و تاران هتد ...**
٦. **ئاواز و مەقامەکانی مامۆستا عەلی مەردان زیاتر لە ناوچەی گەرمیانەوە سەریان هەڵداوە .**
٧. **مامۆستا عەلی مەردان قوتابخانەیەکی تایبەت بوو لە ڕووی مەقام وتن و ئاداکردنی بۆ شاری کەرکوك .**
٨. **بەکارنەهێنانی موزیکژەنانی کورد لە کاتی گۆرانی وتنیدا و بە پێچەوانەوە موزیکژەنانی بیانی موزیکیان بۆ ژەندووە بەتایبەتی موزیکژەنە عەرەبەکان .**
٩. **ڕێگری لێکردنی لە گۆرانی وتن لە دوای کۆچی دوایی باوکی لەلایەن خاڵیەوە .**

سەرچاوەکان

١. دیمانەی هونەرمەند سمکۆ تۆفیق www.emrro.com

٢. میژووی کورد محمد حمە باقی ،لا ٧١.

٣. میژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردی فەرهاد پیربالّ ،لا ٨١.

٤. سەرچاوەیەك لەوانەی ئەتنۆموزیکۆلۆژی لە بەشی موزیکی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین / هەولیر

٥. ..... https:// ckb.m.ikipedia.org> wiki

٦. پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان / لێکۆڵینەوەیەکی میژوویی ، سیاسی شاری کەرکوك،چاپخانەی منارە ،١٩٩٠،لا ٢١ .

٧. گۆڤاری هیوا میژووی شاری کەرکوك ،ژ(٤) تشرینی یەکەم ١٩٥٧ .

٨. گۆڤاری هاواری کەرکوك. (٢)،کانوونی یەکەم ١٩٩٨.

٩. کامەران کوێخا جەلال: میژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا، چاپخانەی هێڤی ،١٩٨٣،لا٤١ .

١٠. د. ڕەشید ئەحمەد: کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی مەم ،١٩٩٣،لا١١.

١١. بەشیر سەبری بۆتانی: هونەرە فۆلکلۆری و میللیەکانی دەڤەری کەرکوك ستران،گۆڤەند،موزیك، چاپخانەی مەریوان،١٩٧٥، لا٥٣.

١٢. دیمانەی تاییەت ،٢٥- ١٢-٢٠١٨ ، کەرکوك لەگەلّ مامۆستا " چالاك سدیق" لە کتێبێکی چاپ نەکراوی .

١٣. موحسین محمد "گۆڤاری هاواری کەرکوك " ژ(١) .ئەیلولی ١٩٩٨.

١٤. سمکۆ بەهرۆز: واقیعی ڕۆشنبیری کەرکوك ، گۆڤاری کەرکوکی ئەمڕۆ ، ژ(٨٤) ،١٩٨٠،لا١٦.

١٥. چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەلّ " هونەرمەند عەلی مەردان " ئامادەکردنی یاسین مەولود،١٩٧٠.

١٦. عەبدولقادر عەلی مەردان : گەلاّی پایز بیرەوەری عەلی مەردان چاپخانەی هیوا ،بغداد ١٩٧٧،لا ٣٧.

١٧. چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەلّ هونەرمەند عەلی مەردان لە www.hawlati,com.

١٨. گەرمیان شکور هەیەری : چەیانەی شکور خەیات ، چاپخانەی ناودار کەرکوك ٢٠١٠،لا ٤٢.

١٩. پەیژە : ژمارە (٣) بلاّوکراوەی بنکەی مەقام ، سالّی سێیەم /٢٠١٣ پایزی ٢٧١٣.

٢٠. بەرنامەی ئەوانەی بیرناچنەوە "لە ڕادیۆی نەورۆز سالّی ٢٠١٥. ئامادەکردنی (ڕێبوار ئیدریس).